338
SPORT
# وەرزش
www.werzish.150m.com
امجد

ژمارە (٣٣٨) چوارشەممە ٢٠٠٤/٩/٨ ٢٧٠٤ی کوردی ٤ لاپەرە نرخی (١٥٠) دینارە
Wednesdy 8 / 9 / 2004

## بنکەی لاوانی هەولێر پاڵەوانیەتی تۆپی پێ و تۆپی باڵەی سنووری پارێزگای هەولێر دەباتەوە



فۆتۆ: مەحمود هەولێری

لەچالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی هەولێر، لەم رۆژانەی رابردوو یاری کۆتایی هەردوو پاڵەوانیەتی یاری تۆپی پێ و تۆپی باڵەی سنووری پارێزگای هەولێر بەڕێوەچوو:

**تۆپی پێ:**

رۆژی چوارشەممەی رابردوو لەیاریگای دووەمی شەهید فرەنسۆ هەریری بەئامادەبوونی بەڕێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێرو ژمارەیەک لەبەرپرسانی حکومی و حزبی و جەماوەرێکی بەرچاوی وەرزش دۆست یاری کۆتایی تۆپی پێی بنکە وەرزشییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر لەنێوان بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێرو شەقڵاوە بەڕێوەچوو، لەدوای پیشاندانی ئاستێکی بەرز لەلایەن یاریزانانی هەردوو تیپ، بنکەی لاوانی هەولێر بەئەنجامی (٤-٢)گۆڵ یارییەکەو پاڵەوانیەتیەکەی بردەوە، لەیاری دیاریکردنی سێیەم و چوارەم بنکەی لاوانی سۆران لەعەنکاوەی بردەوەو پلەی سێیەمی بەدەست هێنا. یاری کۆتاییش لەلایەن ناوبژیوانان ئەحمەد یوسف و محەمەد عەزیزو شێروان فاروق و ئەردەلان قادر سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو، لەکۆتاییش ڕێوڕەسمی دابەشکردنی خەڵاتەکان بەسەر یاریزانان و تیپەکان بەڕێوەچوو.

**تۆپی باڵە:**

رۆژی یەک شەممەی رابردوو لەهۆڵی زەردی پایتەختی هەرێم بەئامادەبوونی بەڕێز چیایی تەیمور عەبدال بەڕێوەبەری گشتی وەرزشو لاوان و چەندین بەرپرسی دیکە، یاری کۆتایی تۆپی باڵە لەنێوان هەردوو بنکەی وەرزشی هەولێرو شەقڵاوە بەڕێوەچوو لەدوای پیشاندانی ئاستێکی بەرز بنکەی لاوانی هەولێر یارییەکەی بە (٣-١)گێم بردەوەو ئەنجامی گێمەکانیش بەم شێوەیە بوو (٢٥-١١)، (٢٥-٢٢)، (٢٠-٢٥)، (٢٥-١٥)بوو، لەیاری دیاری کردنی سێیەم و چوارەم بنکەی لاوانی عەنکاوە بە (٣-سفر)گێم لەسۆرانی بردەوە، ئەنجامی گێمەکانیش (٢٥-٢١)، (٢٥-١٩)، (٢٥-٢٠). یارییەکانیش لەلایەن ناوبژیوانان سادق حەمەشەریف و ئەسعەد عەلی و غازی زاهیرو مەغدید خدرو عادل عەبدولڕەحمانەوە بەڕێوەچوو، لەکۆتایش ڕێوڕەسمی دابەشکردنی خەڵاتەکان بەسەر یاریزانان و تیپە سەرکەوتووەکان دابەش کرا.

**هۆڵی زەرد - عیماد قادر**

### ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان بەبۆنەی ساڵیادی یادی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن پاڵەوانیەتیەکی راکردنی درێژ بۆ ماوەی (١٠)کم سازدەکات بۆ ئەم مەبەستەش ئاگاداری سەرجەم ئەو وەرزشکارانە دەکاتەوە کە خۆیان ناونووس کردووە بۆ بەشداری کردن لەم راکردنە رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٠٠٤/٩/١١ کاتژمێر ٨ر٣٠ی سەرلەبەیانی لە هۆڵی زەرد ئامادەبن بۆ ئەنجامدانی راکردنەکە ئەوەی دوابکەوێ خۆی بەرپرسیارە.



دیمەنێک لەیاری چوونی نێوان عێراق و تایوان

## سبەی عێراق و تایوان لە پاڵاوتنی تۆپی پێی مۆندیالی ئەڵمانیا ٢٠٠٦ بەیەک دەگەن

سبەی پێنج شەممە ٢٠٠٤/٩/٩ لەمیانی یارییەکانی خولی یەکەمی قۆناغی دووەمی (هاتن)ی کیشوەری ئاسیا بۆ پاڵاوتنی تۆپی پێی مۆندیالی ئەڵمانیا (٢٠٠٦) لەیاریگای شاری تایپە هەڵبژاردەی عێراق دەبێتە میوانی هەڵبژاردەی تایوان ئەمەو پێکهاتەی هەڵبژاردەی عێراق لەم راهێنەرو یاریزانانە پێکهاتووە:

عەدنان حەمەد، یاسین عەمال، مەعد ئیبراهیم، عەبدولکەریم ناعم (راهێنەران) یاریزانەکانیش ئەمانەن: عودەی تاڵیب، نور سەبری، هاوار مەلا محەمەد، سەعد عەتیە، حەیدەر عەبدولئەمیر، مەهدی کەریم، نەشئەت ئەکرەم، حەیدەر جەبار، رەزاق فەرحان، حەسان تورکی، ساڵح سدێر، یونس مەحمود، عیماد محەمەد، یاسر رەعد، خەیدەر سەباح، ئەحمەد سەلاح، حەیدەر مەحمود، حەیدەر عەبدولڕەزاق، باسم عەباس، عەبدولوەهاب ئەبوهێل، ئەحمەد موناجید، وابڕیارە یاریزانی هێڵی ناوەڕاست (قوسەی مونیر)یش کە بەنیازە بۆندێک لەگەڵ یانە ئایک ئەسینای یۆنانی مۆربکات پەیوەندی بە هەڵبژاردەی عێراقەوە بکات.

شایانی باسە هەڵبژاردەی عێراق لەیاری چوون و بە (٦-١) گۆڵ لە هەڵبژاردەی تایوانی بردبۆوە، ئەمەو هەر لە هەمان خول ئەمڕۆ سبەی ئەم یارییانەش بەڕێوەدچێت.

گروپی یەکەم: (ئەردەن× ئێران) ـ (لاوس ×قەتەر) ، گروپی دووەم (فەلەستین × ئۆزبەکستان) ـ (تایوان × عێراق)، گروپی سێیەم (هیندستان × ژاپۆن) ـ سەنگافورە × عومان)، گروپی چوارەم (مالیزیا × چین) ـ (هۆنگ کۆنگ × کوێت)، گروپی پێنجەم (یەمەن × ئیمارات) ، (کۆریای باکور× تایلاند) گروپی شەشەم (قیرغیزستان × بەحرێن) ـ (تاجاکستان × سوریا) ، گروپی حەفتەم (ڤیەتنام × کۆریای باشوور) ـ (مالدیڤ × لوبنان) گروپی هەشتەم (تورکمانستان × سعودیە) ـ (سری لانکا × ئەندونیسیا) .

یاریەکانیش لە یاریگای ئەو هەڵبژاردانە دەبێت کە لە پێشەوە ناویان هاتووە

## ئەکاد پاڵەوانیەتی یانەکانی هەرێم لەتۆپی باسکەی ئافرەتان دەباتەوە

رۆژی هەینی رابردوو بەئامادەبوونی بەڕێز جەودەت نەجار سکرتێری ئەنجومەنی باڵای وەرزش کۆتایی بەپاڵەوانیەتی یانەکانی هەرێم لەتۆپی باسکەی ئافرەتان هات کە بۆ ماوەی (٣) رۆژ یارییەکانی لەهۆڵی داخراوی شەهید فرەنسۆ هەریری بەڕێوەچوو. لەدوا یارییدا کچانی یانەی ئەکاد بە ئەنجامێکی گەورەو بە (١١٠-٣) خاڵ!!! لەکچانی یانەی ئاراراتیان بردەوەو پاڵەوانیەتی هەرێمیان دەستەبەر کرد. ئەنجامی کۆتایی پاڵەوانیەتیەکەش بەم شێوەیە بوو ١- یانەی ئەکاد ٢- یانەی گارە ٣- یانەی ئارارات ٤- یانەی شەقڵاوە. لەدوای کۆتایی هاتنی یارییەکەش ڕێوڕەسمی دابەش کردنی خەڵاتەکان لەلایەن بەرپرسانەوە بەیاریزانان و تیپە سەرکەوتووەکان دابەش کرا.

## لە پۆلێن کردنی مانگانەی فیفا بەرازیل لە پیاوان و ئەڵمانیا لە ئافرەتان لە پێشەنگدان



یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (FIFA) لەم رۆژانەی رابردوو دوا پۆلبەندی سەرجەم هەڵبژاردەکانی جیهانی بۆ مانگی ئاب لە یاری تۆپی پێ بۆ پیاوان و ئافرەتان راگەیاند، لە ریزبەندی پیاوان باشترین ریزبەندی (٢٠) وڵاتانی سەرەوە هیچ گۆڕانکارییەکی وای بەسەردا نەهات کە شایانی باس کردن بێت، لە ئافرەتانیش لە دوای بەدەستهێنانی U.S.A میدالیای زێڕین لە ئۆلۆمپیادی ئەسینا جیاوازی نێوان U.S.A و ئەڵمانیا کە ئەمەی دوایی لوتکەی ڕیزبەندی ئافرەتاندایە و لە ئۆلۆمپیاد میدالیای برۆنزی وەرگرت گەیشتە (٧) خاڵ. ئەمەش ریزبەندی باشترین (٢٠) هەڵبژاردەی پیاوان و باشترین (١٠) هەڵبژاردەی ئافرەتانە بە خاڵ بە گوێرەی دوا پۆلێنکردنەکە.

**پیاوان :** ١ ـ بەرازیل (٨٤٨) ٢ ـ فەرەنسا (٨٠٢)، ٣ ـ ئەسپانیا (٧٨٨) ٤ـ ئەرژەنتین (٧٧٥) ٥ ـ چیک (٧٦٠) ٦ ـ هۆڵەندا (٧٤٦) ٧ ـ ئینگلتەرا (٧٣٢) ٨ ـ مەکسیک (٧٢٨) ٩ ـ ئیتاڵیا (٧٢٢) ١٠ـ U.S.A (٧١٩) ١١ ـ پورتوگال (٧١٤) ١٢ ـ ئەڵمانیا (٧١٤) ١٣ ـ تورکیا (٧١١) ١٤ ـ یۆنان (٧٠٩) ١٥ ـ دانیمارک (٧٠٧) ١٦ ـ کامیرۆن (٦٩٧) ١٧ ـ ئایرلەندا (٦٩٧) ١٨ ـ ژاپۆن (٦٩٥) ١٩ ـ ئۆرگوای(٦٩٣) ٢٠ ـ نایجیریا (٦٩١).

**ئافرەتان :** ١ـ ئەڵمانیا (٢١٨٤) ٢ ـ U.S.A (٢١٧٧) ٣ ـ نەرویج (٢١٤٥) ٤ ـ بەرازیل (٢٠٥٣) ٥- ئوستراليا (٢٠٣٩) ٦ ـ چین (٢٠٣٣) ٧ ـ فەرەنسا (١٩٩٢) ٨ ـ کۆریای باکور (١٩٨٨) ٩ ـ دانیمارک (١٩٨٥) ١٠ ـ ئیتاڵیا (١٩٤٨).

## خۆزی مۆرینهۆ یانەی چێڵسی پێویستی بە١٠٠ خاڵە

خۆزی مۆرینهۆ راهێنەری یانەی چێڵسی ئینگلیزی رایگەیاند یانەکەی دەبێ ١٠٠ خاڵ لەوەرزی ئەمساڵ کۆبکاتەوە ئەگەر بەنیازە نازناوی پاڵەوانی خولی یانە نایابەکانی ئینگلتەرە بەدەست بهێنێت، مۆرینهۆ داوای لەیاریزانەکانی کرد کە تەنیا بیر لەکۆکردنەوەی خاڵەکان بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەم خەونە لەمێژینەی یانەی چێڵسی بهێنەدی. یانەی چێڵسی کە خاوەنەکەی ملیاردێری روسی رۆمان برامۆڤیچە بڕی زیاتر لە ١٥٠ ملیۆن دۆلاری خەرج کردووە بۆ کڕینی یاریزانان بۆ ئەوەی بتوانێت ملمالانێ لەخولی ئینگلتەرەو خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بکات. شایانی باسە یانەی چێڵسی لەچوار یاریدا چوار سەرکەوتنی بەدەست هێناوەو ١٢ خاڵی هەیە لەپلەی دووەمی ریزبەندی یانەکانی ئینگلتەرە دێت.

## لەدووبارە کردنەوەی کۆتایی مۆندیال ٢٠٠٢ ئەمشەو: ئەڵمانیا میوانداری بەرازیل دەکات



لەیارییەکی دۆستانەی نێودەوڵەتیدا ئەمشەو یاریگای بەرلینی ئۆلۆمپی میوانداری یاری نێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئەڵمانیاو بەرازیل دەکات، ئەم یارییە دووبارە کردنەوەی یاری کۆتایی مۆندیالی ٢٠٠٢ دەبێت کە تیایدا بەرازیل بەدوو گۆڵی یاریزان رۆناڵدۆ لەئەڵمانیای بردەوەو بۆ جاری پێنجەم جامی جیهانی بەدەست هێنا بەڵام ئەمشەو گۆڕانکاری زۆر بەسەر هەردوو پێکهاتەی داهاتووە بەتایبەتی ئەڵمانیا کە بەراهێنەرێکی تازە یاری دەکات و ئەم یارییەش یەکەم تاقی کردنەوەی راستەقینەیە بۆ راهێنەر کلینزمان. لەبەرامبەردا بەرازیل هەوڵی ئەوە دەدات کە لەم یارییەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە شایستەی پلەی یەکەمی ریزبەندی فیفایە بۆیە وا چاوەڕوان دەکرێت کە یارییەکە لەئاستێکی بەرزدا بێت. وابڕیارە پێکهاتەی هەڵبژاردەی بەرازیل بۆ ئەم یاریە لەم یاریزانانە پێک بێت.

*** گۆڵچی: فابیۆ. جۆلیا سیزار.**

**هێڵی بەرگری: بیلیتی ، رۆبەرتۆ کارلۆس، لیناندرۆ، مایکۆن**

*** هێڵی ناوەڕاست: جوان، رۆکی جۆنیۆر، لویزاو، گیلبرتۆ سیلڤا، ئیدۆ، ئەلێکس، ریناتۆ، جۆلیۆ باتیستا، جۆنینیۆ برامب کانۆ، کریس.**

*** هێلی هێرشبردن: رۆنالدینیۆ، رۆنالدۆ، رۆبینیۆ، نیلمار.**

## ئەمشەو چەندین یاری تۆپی پێ لەپاڵاوتنی کیشوەری ئەوروپا بۆ مۆندیالی ٢٠٠٦ ئەنجام دەدرێت

ئەمشەو لە یاریگا جیاجیاکانی وڵاتانی ئەوروپا و لە میانی پاڵاوتنی کیشوەری ئەوروپا بۆ مۆندیالی ٢٠٠٦ ژمارەیەک یاری تۆپی پێی نێودەوڵەتی بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت.

گروپی یەکەم: (هۆڵەندا × چیک) ـ (ئەرمینیا × فنلەندا) ( ئەندۆرا × رۆمانیا )

گروپی دووەم: (کازاخستان × ئۆکرانیا ) ـ ( جۆرجیا × ئەلبانیا ) ـ (یۆنان × تورکیا )

گروپی سێیەم: (پورتوگال × ئەسپانیا ) ـ (سلۆڤاکیا × لیختنشتاین) ـ (لۆکمسبۆرگ × لاتیڤیا ).

گروپی چوارەم: (د. ڤارۆ × فەرەنسا ) ـ (ئیسرائیل × قوبرس)ـ (سویسرا × ک. ئایرلەندا).

گروپی پێنجەم : (مۆلداڤیا × ئیتاڵیا ) ـ (سکۆتلەندا × سلۆڤینیا ) ـ ( نەرویج × بیلاروسیا )

گروپی شەشەم: (پۆڵەندا × ئینگلتەرا) ـ (وێلز × ئایرلەندای باکور) (نەمسا × ئازەربێجان)

گروپی حەفتەم: (بۆسنە × ئەسپانیا ) ـ (لیتوانیا × سان مارینۆ)

گروپی هەشتەم (سوید × کرواتیا ) ـ (هەنگاریا × ئایسلەندا)

یارییەکانیش لە یاریگای ئەو هەڵبژاردانە دەبێت کە لە پێشەوە ناویان هاتووە.